١	بەڵێ. نەخێر. نازانم. تێ ناگەم.	1
٢	ناوت چیە؟ دەتوانی بە ئینگلیزی بینوسی؟	2
٣	تکایە ناونیشانت بنووسە.	3
٤	تەمەنت چەندە؟	4
٥	دەتوانی ناو و ژمارە تەلەفۆن و ناونیشانی کەسێکمان پێ بدەی بۆ پێوەندی پێوە کردن؟	5
٦	بەم زوانە یەکێك لەمانە فەحست دەکات [1]دکتۆر. [2]برین پێچ.	6
٧	ئایا هیچ حادیسەیەکت لێ رووداوە؟ کەی؟ (لەسەر ساڵنامە و سەعات نیشانمان بدە)	7
٨	ئایا لە هۆش خۆت چووی؟	8
٩	کەی نەخۆش کەوتی؟ (لەسەر ساڵنامە و سەعات نیشانمان بدە)	9
١٠	ئازارت هەیە؟ نیشان بدە لە کوێ. کەی دەستی پێ کرد؟ (لەسەر ساڵنامە و سەعات نیشانمان بدە).	10
١١	ئازاری لەشت لە چ ئاستێك دایە؟ ١ (ئازارت نیە) ٢ ٣ ٤ ٥ ٦ ٧ ٨ ٩ ١٠ (ئازاری بەردەوام)	11
١٢	ئازارەکەت بەدەوامە یان دێت و دەڕوا؟	12
١٣	ئایا هێچ خوێنت بەربووە؟ نیشان بدە لە کوێ.	13
١٤	کۆکەت هەیە؟ بە هیچ شتێ دەکۆکی؟ چ رەنگێ؟ سپی؟ زەرد و سەوز؟ سوور؟ قاوەیی؟	14
١٥	ئایا تەنگەنەفەسیت؟	15
١٦	ئایا رِشایتەوە؟ ئایا خوێن رِشاویتەوە؟	16
١٧	ئایا هیچ سك چوونت هەیە؟	17
١٨	ئایا قەبزی (گیری)؟	18
١٩	ئایا پیسایی رەشت کردووە؟	19
٢٠	پاژنەکانت دەئاوسێ؟	20
٢١	ئایا کێشت (وەزنت) کەم کردوە؟	21
٢٢	ئایا هیچ کێشەیەکت هەیە سەبارەت بە [1]بینین؟ [2]بیستن؟ [3]قووت دان؟ [4]پیاسە کردن؟	22
٢٣	ئایا قەت عەمەلیات کراوی؟ نیشان بدە لە کوێ.	23
٢٤	کەی دوا کاتی بێ نوێژیت دەستی پێ کرد؟ (لەسەر ساڵنامە نیشانی بدە) ئایا زگت هەیە (دووگیانی)؟ چەندە مانگە زگت هەیە؟ ئایا پێت وایە زگت هەیە (دووگیانیت)؟ ئایا دەتوانین فەحسێکی حەمل ئەنجام بدەین؟	24
٢٥	ئایا جگەرە دەکێشی؟ چەند لە رۆژێکدا؟	25
٢٦	ئایا [1]نەخۆشی شەکرت هەیە؟ [2]لەهۆش خۆ چوون؟ [3]تەنگەنەفەسی (سەرع یان فێ)؟	26
٢٧	ئایا قەت تووشی [1]نەخۆشی دڵ بووی؟ [2]دڵ ئێشە؟ [3]زەغتی خوێن؟ [4]جەڵتە؟ [5]لێدانی دڵ؟ [6]زەردوویی؟ [7]نەخۆشی جگەرت هەبوە؟	27
٢٨	ئایا حەساسیەتت هەیە بۆ هیچ دەرمانێ؟ پەنسلین؟ ئەسپرین؟ هیچ دەرمانێکی تر؟	28
٢٩	ئایا ئێستا هیچ دەرمانێك دەخۆی؟ هیچ دەرمانێکت پێ یە؟ ئایا جۆرە دەرمانی تر یان چارەسەری سروشتی وەردەگریت؟	29
٣٠	چەند حەبت خواردووە؟	30
٣١	ئایا دەرزی تیتانووست لە کاتی خۆی لێ دراوە؟	31

٣٢	ئایا لە دەرەوەی بەریتانیا ژیاوی؟ لە کوێ؟ کەی؟	32
٣٣	من: [1]برینپێچم [2]دکتۆرم. [3]موزەمیدم. [4]پارامێدیکم. [5]فەرمانبەری کۆمەڵایەتیم.	33
٣٤	ئایا دەتوانم فەحست بکەم؟ بەلاتەوە گرنگ نیە ئەگەر پیاوێك فەحست [1]بکات؟ [2]یان ژنێك؟	34
٣٥	ببورە، ئەوە رەنگە بێشێ.	35
٣٦	من دەمەوێ زەغتی خوێنت بگرم.	36
٣٧	من دەمەوێ گوێ لە سینگت ڕابگرم.	37
٣٨	من دەمەوێ دڵت فەحس بکەم.	38
٣٩	من دەمەوێ ناوەوەت فەحس بکەم؟	39
٤٠	من دەمەوێ دەرزیت لێ بدەم.	40
٤١	من دەمەوێ ئەم بۆریە بکەمە ناوەوە؟	41
٤٢	من دەمەوێ خوێنت لێ بگرم.	42
٤٣	من دەمەوێ ئەشیعەت وەربگرم.	43
٤٤	چەند تەقەلێکت بۆ لێدەدەم. پێویستە لەم ڕۆژە دا بچیە لای دکتۆرەکەت بۆ ئەوەی تەقەلەکانت بکاتەوە (لەسەر ساڵنامە و سەعات نیشانمان بدە).	44
٤٥	ئەو شوێنەت لەجێ چوە یان شکاوە: [1]لاق. [2]پاژنە. [3]باسك. [4]جومگە. [5]شان.	45
٤٦	پێویستە ئەو شوێنەت لە گەچ بگیرێ: [1]لاق. [2]پاژنە. [3]باسك. [4]جومگە.	46
٤٧	پێویستە ئەمە (نیشان بدرێ) رابگری هەتا ئەو ڕۆژە (لەسەر ساڵنامە نیشانی بدە).	47
٤٨	تکایە میز بکە ئەم شووشەوە؟	48
٤٩	هیچ شتێ مەخۆ و مەخۆرەوە.	49
٥٠	تۆ ئێستا دەتوانی هەڵستیتەوە.	50
٥١	تۆ دەبێ لە خەستەخانە بمێنیتەوە. تکایە چاوەڕوان بە هەتا قەرەوێلەیەکی بەتاڵت بۆ ئامادە دەکرێ.	51
٥٢	دڵ نیگەران مەبە. هەموو شتێ باش دەبێ.	52
٥٣	دەتەوێ تاکسیت بۆ بانگ بکەم؟	53
٥٤	ئەگەر یارمەتیت پێویست بوو ئەمە بەکار بهێنە.	54
٥٥	تکایە چاوەڕوان بە. تکایە وەرە ئێرە. دەتوانی بچیتە ماڵەوە.	55
٥٦	تکایە ئەگەر ئاستەنگی ترت هەبوو سەرمان لێ بدەوە.	56
٥٧	ڕێگەم بدە با ئەوەت بۆ دووپات بکەمەوە...	57

چەند پرسیارێك کە لە لایەن نەخۆشانەوە ئاراستە دەکرێن

٥٨	دەبێ چەندە چاوەڕوان بم؟ هەتا ١ سەعات هەتا ٢ سەعات هەتا ٣ سەعات هەتا ٤ سەعات	58
٥٩	ئایا کەسێك ناوم بانگ دەکات؟	59
٦٠	تەلەفۆن لە کوێ یە، دەمەوێ تەلەفۆن بۆ خێزانم یان برادەرێکم بکەم؟	60
٦١	بێ زەحمەت دەتوانی داوای تاکسیەکم بۆ بکەی بۆ ئەوەی بچمەوە ماڵ؟	61
٦٢	ئایا تەندروستیم باشتر دەبێ؟	62